DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# 8 Çîrok

# ٨ چیرۆك

a.shiwan@ikurd.com



DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



خوێنەری هێژا

ئەوە تێکستییانەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە گەر تاقەت و حەوسەلەی
خوێندنەوە و کات پێوە کوشتنتان هەبێت ، خۆم
بەچیرۆکی دەزانم بەڵام پێناچێ لەخانەی چیرۆکی
هونەری هاوچەرخدا دابنرێن ، من هەرئەوەندە
سەلیقەم هەبووە و بەشێکە لەمێژووی بزاوتی ئەدەبی و
هزریم ، هەربۆیە کە نووسیومەتەوە .

زووربەیان لە م ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا : ( ڕەنجی کرێکار ، وڵات ،
پێشەنگ ، ئەدەبی کرێکاری ، کوردستانی نوێ ) بڵاوبوونەتەوە .

© www.dengekurd.com, 2002


# هەرزانفرۆش

# Herzanfiro

**عەزیز نەسین – Turkiya**
**Ezîz Nesîn**

☺ بەیانییەك خاوەنكار لە ئۆفیسی كارگە دانیشتبوو, قاوەی فڕ دەكرد, بێتەقولباب كەسێكی سەروسیما غەمبار خۆ بە ژووردا دەكات:

– هاتووم كارێكم پێبسپێریت.

+ چ كارێك دەزانی؟

– ( بەراد )ی دەزانم.



+ پێویستمان بە ( خەرات )ێك هەیە.

– پێنج ساڵ خەراتیم كردووە, بڕوانامەشم هەیە.

+ بەڵام ئەوەی ئێستا زۆر پێویستمانە قاڵبدروستكەرە.

– جا ئەوە چییە, بەشەرت قاڵبت بۆ دروست دەكەم.

+ لەگەڵ دارتاشیدا چۆنی؟

– ترست نەبێت, چوار ساڵ دارتاشیم كردووە.

+ ( وابێت داوای كرێی زۆر دەكات.. ) . . . لە ڕاستـــــیـــدا پێویستمان بە كرێكار نییە.

– . . . هەرچییەك بفەرمووی ئامادەم .

+ باشە قایلم, بەڵام دەبێ ئەوە بزانی پارەی زیادە نییە, چوونکە بۆ خۆت زیادی و نامەوێ بێکار بیت .

– سوپاس ، زۆرم ناوێت, هەرچی دەدەی بەزیاد بێت .

+ ڕۆژانە وەستایەك پێنج دیناری هەیە, بەڵام دوو دینار بە تۆ دەدەین .

– ڕازیم .

+ شتێکی تر ، گلەیی نەکەیت و بڵێی سەعاتی کار زۆرە .

– خوای دەکرد بیستوچوار سەعات دەبوو .

+ ئەوەیش بزانە ، شوێنی کارەکە تەنگو تاریکە .

– هەرچۆنێك بێت قایلم .

+ دوای مانگێك کارکردن پارە وەردەگری, کە زانیمان شارەزابووی, ئەوسا ڕۆژانەکەت پێدەدەین .

– چۆن دەڵێی با وا بێت .

+ لەسەدا بیستیش لە کرێکەت بۆ ئامێرەکان دەشکێنرێت .

– جا قەیدی چییە !

+ دواشت دەبێ, کەفالەتێکی چەند هەزار دیناریشمان بدەیتێ وەك تەئمینات .

– بەسەرچاو, خانوویەکم بۆ بەجێماوە دەیخەمە ڕەهنەوە .

+ کەواتە بڕۆرە سەرکار . . .

© www.dengekurd.com, 2002


بە چەند چرکە دوای ڕۆیشتنی کابرای کرێکار, دوو پۆلیسی لۆزەنەر خۆ دەکەن بە ژووردا .

– کەسێك خۆی کردووە بیرەدا, لە شێتخانە هەڵهاتووە, کوا کوێوە چوو . . ؟

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# هەموو دنیا خەریکە !

## Hemû dinya xerîke

دایکم بەگونك بڕین و خۆشکردنی تەنوورەوە خەریکە . هۆوە , باوکم بەهەڵکێشانی تاڵە مووە سپییەکانی ڕیشە پرەکەیەوە و بە (بـا) دانی خەمەکانییەوە خەریکە . بەڵام, دادەم بەمیکیاج کردن و ڕێککردنی قژییەوە خەریکە . برا بچوکەکەشم بەیاری کردن بە (لەعاب) ەکانییەوە .

تەنیا خۆم نەبێت, کە بە تەلەفوونەوە خەریکم, کەچی بۆم وەرناگیرێت ! !

جادە بەئۆتومبێلەوە . , ئۆتومبێل بەخەڵکەوە خەریکە . خەڵك خەریکن بە . . . . !

سەرتاس بەسەرتاشینەوە , بۆیاخچی بەپێڵاو بۆیاخکردنەوە , بەقاڵ بەسەوزە و میوەوە ، قەساب بەگۆشتەوە , هەلاج بەلۆکەوە .

تەنیا خۆم نەبێت, کە بە تەلەفوونەوە خەریکم, کەچی بۆم وەرناگیرێت ! !

زەوی بەسووڕانەوە بەدەوری ڕۆژدا خەریکە , ڕۆژ بە گەرمی بەخشین بەئەستێرانی ئاسمانەوە خەریکە , مانگ بەدڵدارانەوە خەریکە , دەریا بەشێتێتی خۆیەوە , درەخت بەچۆلەکانەوە , چۆلەکە بەدڵدارییەوە خەریکە .

تەنیا خۆم نەبێت, کە بە تەلەفوونەوە خەریکم, کەچی . . . . !

زرنگ . . زرنگ . . . . جرڕڕڕڕ . . . . جرڕڕڕڕڕڕڕ . . . . جـ . . .ڕڕ . .

ڕڕڕڕ . .

– هەلەوو !

© www.dengekurd.com, 2002


– هەلەوو ! ئێوە بەچییەوە خەریکن !

– ئێستا وەك بەشێك لە چینی کرێکاری جیهانی لە کوردستان, تازەبەتازە سەرگەرمی خۆرێکخستن وپێکهێنانی (پارتی)ن .

– جا بەنیازی چیین؟

– بەدیهێنانی ئازادی, یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری .

– کەواتە ، ژمارەکەتانم بدەرێ ، تا زوو زوو تەلەفوونتان بۆ بکەم . ■

– – – – – – – – – –

ئەم چیرۆکە نیوەی سەلاح زەنگەنە بەعەرەبی نوسیویەتی .

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# فیرار

# Fîrar

که ڕۆژانه لەخەو ڕادەبم ، وەك هەر کەسێکی تر نەخۆ دەکێشمەوە ، نەبای باڵ دەدەم ، نەچاو هەڵدەگڵۆفم ، نەخاولی دەدەم بەسەر شان و مل ، دەچم بۆ دەموچاو شۆردنی بەر بەلوعە ، نەدەچم بۆ دەست بەئاو گەیاندن لە **WC** ، نە . . . . ، ئەمانە وهی تر کە هەر مرۆڤێ یەکەم کارێکن ، بەیانیان پێی هەڵدەستن ، هیچی ناکەم .

جا بۆ بیکەم؟ ئەوانە کار و کردەوەی لاوەکی و ناپێویستن ، بەعەرەبی کەمالیاتن و تەرکم کردوون . بۆ بیانکەم ؟ کاری بەبەهاتر و گرنگتر هەن ، سەردەقی ڕۆژی پێبشکێنرێت .

ئەی چۆن ، ئەگەر یەکێ بیەوێ وریا خۆی بۆ خەڵکی بسەلمێنێ و بیەوێ لە چوورتم و گێچەڵ و بەڵای ناگەهان بەدوور بێت ، با چاو لەمن بکات ، دەبێ هەموو بەیانییەك لەگەڵ بوومەلێڵ و تاریك و ڕوون ، گەر زووتریش بێت ، ئەوا باشتر ، لەخەو ڕابێت .

تۆ ڕاوەستە ، خۆ شپرزە کردنی بۆ چییە؟ خەریکی سەر دنیا لەگەڵ خۆتا لە ئێمەیش دەهێنیتەوەیەك ! ! لە کونی دەرزییەوە مەڕوانە دنیایەکی زەبەلاح !

ناشێ جەنابت کرێکاری کۆنکریت کە دەڵێی مغاویرن, بیت؟

ئەگەر تۆ ئەوە بیت؟ من و کەسانی تر هەمان پیشەمان نییە ، یان لەوانەیە کرێکارێکی لەو بابەتەی تۆ نەبین . ئیتر بۆچی هانی بەیانی زوو هەڵسانمان دەدەی؟

© www.dengekurd.com, 2002


دوای ئەوە ، دوای ئەوە بەکارهێنانی وشەی چورتم و بەلای ناگاهان و . . , مرۆڤ لە
وشەگەلێکی وا دڵ پیس دەکات, بیستنی خۆش نییە . پێ دەچێت کەسێکی
سەربەکۆبەن و پاشەڵ پیس و گێچەلاوی یان کابرایەکی دوژمندار بیت ! ئەگینا بۆچی
ئەو خەوە خۆشەی بەیانی لەکیس خۆ دەدەی؟ لە خەوی بەیانیان خۆشتر هەیە ؟
بەلام, گەر شتێکیش لەخۆتا شك دەبەی؟ وریابی و پاریز ڕەوایە , بیانووت
بەدەستەوەیە , دەبێت لەهەوڵی چارەیەکی بنج بڕدا بیت, ئەگینا هەر
ڕۆژێ بێت بەتەلەوە دەبی, فلیمت دەسوتێ, ئێمەیش ئەوکات
ئەوەمان لەسەر دەبێت بڵێین :
کراسم دڕا چم پێ نەبڕا .
ڕمڵ لێ مەدە ، ئەو قسانەت کەم تا زۆر دروستن, لەجێی خۆیدایە بەلام، ئەو گوللانە ,
ئەو تیرانە , ئەو بەردانەی کە تەقاندت بەداخەوە نیشانەکە ناپێکێ ، سەریان کرد و
بەحاڵ ڕووشاندی .
بەهەر حاڵ کە بەیانیان خەو لەخۆ حەرام دەکەم و لەخۆ دەزڕێنم ، ئەوە نەبێ بۆ
هەواوهەوەس و لە هەوانتە بێت ، تەنها بۆ یەك شت و بۆ یەك
مەبەستە ، دەزانی ئەو شتە چییە ؟
پێش درکاندنی ، ئێستا دەزانم چی لە مێشکتا دەسووڕێ, گاڵتەت بەو قسانە دێت ،
گرنگ نییە ، هەرچی دەڵێی بیڵێ هەقم بەسەرتەوە نییە ، گەردنت ئازاد بێت ، لە
پیاوەتی خۆتە .

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



ئەو شتەی وا شپرزەی کردووم خۆمە ، تەنی خۆمە . ئەزانی خۆم مانای چی؟ یەعنی ژیان و زیندەگیم ، ژیانی ماڵ و مناڵوەکانم ، زیندەگی خزم و کەس و کار ، ژیانی دۆست و ناسیاو . لە پێناو زیندوومانەوە هەرچی توانا هەبێ خەرجی دەکەم .

کەواتە , پێم ناڵێی خەوی بێ مانا چییە وچ مانایەکی هەیە ؟ کامیان لە تای تەرازوو , قورس و لاسەنگ دەبێ؟ ژیان گەر ناخۆشیش بێت لەگەڵ مەرگدا بەراورد ناکرێت , بۆ خۆشت دەزانی خەوی بەیانیان جۆرێکە لە مردن؟ حاشا لە ڕووت کەر بە کەرێتی خۆی دەزانێ کامیان قورس و بەبەهایە و کامیان هەڵدە بژێریت؟ باوکی باوکم وەهایش نا ، کەمێ رەحم !

چیم بیر بوو . . چی . . چی؟ هەر لەناو نوێنەکان دەردەفرتێمە دەرەوە , بەرەو پەنجەرە دەچم , کە دەڕوانێ بەسەر حەوشە بچکۆلە و سەرجادەکەدا , ماڵەکەمان لە شوێنێکی بەرز هەڵکەوتووە . . لەمەیشدا لەوانەیە توانجم لێ بدەی , بڵێی :

ئەها . . . !

دڵت ختورە نەکات , دەوڵەمەند نیم , لە خانووی چەند نهۆمیشدا نیم و کرێچیم , کرێکارێکی دەرکراو و بێکارم . . تۆ واز بێنە با بۆتی تەواو بکەم , بەم شتە لاوەکیانەوە خەریکم مەکە . . لە کوێدا بووم . . ئا ؛

خانووەکە دەڕوانێ بەسەر جادە شەستییە بازنەییەکەی دەورەی شار , زۆر بە ئاسانی ئەم سەر و ئەو سەری دەبینرێت . بەڵام , بەسەیرکردنێك و تێڕوانینێك

© www.dengekurd.com, 2002



دڵم ئاو ناخواتەوە , ناچار دەبم بچمە حەوشەکە , لە حەسارەکەوە مل
درێژ دەکەم, بەملاو ئەولادا بەدیقەتەوە جادەکە بەچاو دادەبێژم .
کە بۆم دەردەکەوێت کەش سازگار و ئارامە و مێشوولەی نییە , گەرەك و جادەکە
بەچەتەوڵە جل بەڵەکبەڵەکەکانی حکومەت داگیر نەکراوە و نەتەنراوە . ئەوکات
دادەسەکنێم و ئاسایی دەبمەوە .
ئینجا وەك پیێکی عارەق جامولکەیەك ئاو بەخۆشی ئەوانەی وەك خۆم لە ترسی
حکومەت خەویان لێزڕاوە و حەرام بووە , هەڵدەدەم . بۆ ئەوەی
هەرچی خڵتە و خەوێڵی شەوی ڕابردوو هەیە ڕایماڵێت ؛
ئەمژەمەیش تێرمان خوارد , خوا . . بۆ جارێکی تر■

**1991.3.6**

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# گوڵچاندن، بڤەیە !

## Gul çandn, bive ye !


لەتایمی چوونە سەرئاوکردن, بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستە ڕاست, یەك دوو جار ژندمە هاوزیندانە نووستووەکەم .

بەخەبەرهات, لەشوێنی خۆی چوار مشقی دانیشت, بەهەردوو پشتی دەستی کەوتە هەڵگلۆفتنی چاو و برۆ رەشەکانی .

دەمێکە نووستووی, وەختی دەست بەئاو گەیاندنە .

هەڵنەسایە سەرپێ و بڕوات, لەسەرخۆ بەمهرەوە ڕووی دەمی تێکردم, وتی :

– لێت تێکدام, خەوم دەبینی ؛ پێکەوە بووین, هەروەك بەعسی دوابڕاو گەڕابێتەوە وابوو . مەفرەزەی سارباز و ئاسایش و جەیشی شەعبی بەهەموو شوێنێکدا بڵاوببوونەوە , بەربوونە گیانی خەڵکی . داوای پێناسیان دەکرد , پیر و گەنجیان دەگرت .



زۆر سەیر بوو, تارمابی ئاسا نەیان دەبینین, بەبەردەمیاندا رەتدەبووین لێیان نەدەپرسین . بەسەر شۆستەی شەقامە گشتییەکاندا دەڕۆیشتین, تۆ دائەنەوینەوە لە نێو چاڵە هەڵکەندراوەکانی کەنار شۆستەکان گوڵ ئا . . گوڵت دەڕواند .

تۆزێ ڕامام, هیچم بۆ نەمایەوە , ئەوە نەبێت بڵێم :

DengêKurd
*promoting kurdish language*
© [www.dengekurd.com](http://www.dengekurd.com), 2002



– وایە , حکومەت هەرگیز لەگەڵ چاندنی گوڵێکدا نەبووە ، خەڵکی سەربەخۆیانە بیچێنێت ! !

– بۆ خۆشت باش دەزانی لەسەر چاندنی گوڵی ڕاستی خزێندراومەتە ئێرەکانی ■

1996.5.1

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# ئەوسا = ئێستا

# Ewsa = Êsta

✂ لە دائیرە تووشم بە تووشی چەنەبازێکەوە بووە ؛ کابرای هاوژووو بەرپرسم وەخت و ساتی بۆ نییە , لە کاتی ئەوراق خستنە نێو دۆسییە جۆراوجۆر و هەمەرەنگەکان, لە کاتی دانیشتن, لە کاتی . . . . دادەمی چیکەنەئاسا هەژدەهەژدە قسە فڕێدەدا .

بە شتێکیشەوە ئیتر ئەو بابەتە گەر زۆر بێبایەخیش بێت گرتی, هەتا لە بنوبێخ دەرینەهێنێ وازی لێناهێنێت, هەمەلایەنە بەر حەملەی دەدا . وەك هێلکەی پاككراو دەیخاتە بەردەست و دەڵێ :

– فەرموو بیخۆ .

ئەمهەتیوە چیرۆکنووس بوایە نرخی تەواو نەدەبوو .

خوویەکی قۆڕ و ناجایزی هەیە , کە قسەی دامەزراند دیکتا تۆر بە قولە پێی ناگات, حەپولکی کەس نادات, ناهێڵێ فزە لەدەم بێتە دەرەوە , پرسیار دەکات, پرسیارم بۆ دەکات, پرسیاریان بۆ دەکات, هەر خۆشی وەڵام بە هەموو دەداتەوە .

داری وا هەیە , دەمەوێت یاخی ببم و رچە بشکێنم, لە نێوان دێڕێك و دێڕێکدا یا هەنایە هەڵکێشانێك, کۆکەیەك, پژمینێکدا تەنها بۆ خوێی چچێشت, بەڵێ, بەڵێ, یان ئا . . ئا . . وسەرلەقاندنێك وئم . . ئمێکی بۆ بکەم, کەچی ناهێڵێت . . . پەکووچ بەلایەکە !

© www.dengekurd.com, 2002



بەڵام, وەڵلاهی مرۆڤ ڕاستیش بڵێت, وەکی دەڵێن با قسەیەکیش بۆ دزان بکەین,
زۆر جار قسەوباسەکانی هێندە ڕاستگۆیانە و بەتام ولەزەتەوە
دەگێڕایەوە, نەك هەر خۆم, بەڵکوو دەهێنێ کەسانی تریش بیبیستن:

( . . . لەزەمانی حکومەتی ( عەرەبان ) دا وەزعم شوکر زۆر باش بوو, لەماڵدا هیچم کەم نەبوو ؛ یەخچاڵ, دووانم هەبوو یەکێ مەزن یەکێ بچووك, بێجگە لە مجمیدە . دەرووداراوسێ گیانێکیان بەئێمە بوو, بابەتی زستانەی وەك تەماتە باینجان بامیە و . . یان بۆ دەهێنا و دەخستە ناوی .

دوو دانە تەلەفیزیۆنی شاشە 17 ، 16 یەکێ ڕەنگی و یەکێ ڕەشوسپی . ڕادیۆی ناشناڵی 5مەوج, لەگەڵ ڕادیۆ تەسجیلی ستریۆی مکەبەرە گەورە . لەو گەرەکەدا یەکەم ماڵ بووین کە ساڵۆنی نوێنمان هەبوو بێت . ئای, دەستی شکاوم چ ماڵوحاڵێکم هەبوو .

لەپارە دەپرسی؟ ئەوەندە هەزاری نووستووم لەماڵدا و چەند هەزارێکیش لەملاو لەولا لە ئیشی گەورە و گچکەدا بوو . بەفشە نەبێت, بەندە یەکەم کەس بوو فلان مۆدێلی سەیارەی هێنایە سلەیمانییەوە, ئەو سەیارانەی لە ژێرمدا بوون لەژمارە نایەن .

خانووەکەم بۆ ناڵێیت؟ ڕێبواری نەشارەزا بە کۆڵاندا بڕۆشتایە, هەتا دوور دەکەوتەوە سەیری دیکۆر و نەخش و نیگارەکانی دەکرد .

لەگەڵ ئێوارانم لێدادەهات, لەنێو چینەنی حەوشەدا, مێز هەمەرەنگ بە مەشرووبات و مەزە و مریشك و . . . . دەڕازێنرایەوە, تا درەنگ وەخت

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



بەسەیرکردنی تەلەفیزۆنەوە دادەنیشتم, دەمخوارد و دەمخواردەوە ,
مەست و بیئاگا , شام بەسەپان ڕانەدەگرت .

ئای, لەو ڕۆژانەدا دۆست و ئەحباب, خزم و کەس وکار لەدەورم زۆر بوون !
خوانەکا منالێکم پەنجەیەکی گەرم بووایە , چەند دکتۆریان بۆ ماڵەوە دەهێنایە سەیری .
هی وایان تیا بوو لەبرا براتر , لەخوشك خوشکتر بوون بۆم .

هێندە سەردان وهاتووچۆ و میوان و میوانداری گەرم و گوور بوو, هەر مەپرسە !
زۆرجار بێزاریان دەکردم, ناچار خۆم دەدزییەوە . . . .

ئێی هێی, نازانم چیت بۆ وەگێڕم, گەر بەوردی ئەو سەردەمەت بۆ یاس بکەم وەك
حیکایەتی مێشی لێدێت یان لە حیکایەتی ڕۆستەم و زۆراب درێژتر دەبێت .

لەدوای ڕاپەڕین, وردتر لە کۆرەوەکەدا گلۆڵەم کەوتە لێژی, بارم لاسەنگ بوو, قلْپ
بوومەوە . کە هاتینەوە چیمان بینی ؛ سەیر دەکەین ماڵ جوان و بە تەمیز گسکی
لێدراوە . ئەوکات مانای ڕاستەقینەی ڕڕڕاپەڕڕڕینم بۆ دەرکەوت !

ئەوەی ڕقت لێیەتی , بڵێ یاخوا بەدەردی من چێت . ئیتر لەوکاتەوە تا بێت سووکانم
لەدەست دەبێتەوە و بەقووڕدا دەچم, هەرچی دەکەم خۆم بۆ
ناگیرێتەوە . . . . جا بەچی؟ سەرچاوەی بژێویم مەعاشە ترەیە ,
خۆت باش دەزانی بەشی هیچ ناکات .

ئەوەی کوشتومی ئەوانەی تا دوێنێ هەلەکە سەمایان بوو بەدەورما , بڕوا دەکەی کە
لەبازار دەیانبینم, هەرچاوعافڵ دەکەم بەبێ سلاو لێکردن بەلامدا فرتەی بۆ دەکەن . .

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



وازم لێبهێنه و وەرە بمکوژە , ئەم دنیایە چەند دڵرەق و بێوەفایە . ئاخر ناهەقمە نەفرەت وجنێو بەداروبەرد و هەموو شتێك ئەدەم . خۆزگە بەپار دەخوازم؟

وەزع و بەسەرهاتم ئاوابوو , ئەی توخوا پێم ناڵێیت تۆ چۆن بووی؟ . . . . )

وای دەزانی , دادەنیشم کاتژمێرێك بۆ دەرێسم , ژیانی خۆم لەیەك دێڕدا پێووت :

– بەندە , ئەوسا و ئێستا هەر نەبوو بووم ! ! ■

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# پاره . . . !

# Pare...!

✌ بەیانییە و لە خەو هەڵساوە , سیپاڵەکانی لەبەرکردووە . . لێفەکەی پیا دەدەیتەوە :
( ئاە , چی دەبوو , هەمیشە لەئامێزیدا بوومایە !؟ )

بۆ دوادار ئاوڕی لێدەدەیتەوە . پاش کەمێکس دیکە دەگەیتە جێ ! زۆر دوور نییە هەموو یەك دوو هەنگاوێکە . دنیا تاریك و ڕوونە , تاك و تەرا خەڵکی بەدەرەوەن . کزە بابەك باوەشت پیادەکات : ئاهێکت پیا دێتەوە و خۆشییەکی شاراوە دەست لەملانت دەبێت, ئازاری ماسولکەکان دەڕەونەوە .

ئێستا , لەچایخانەکەدایێ, قۆرێ و پیاڵە و وەجاغ و تەپلەکە باریکە دارینەکان بە شێنەیی دێن بەدەستەوە . . کرێکارێکی بەدلەشین, پیرە پیاوێ, ئەفەندییەك خۆیان دەکەن بە چاخانەکەدا و چایی هێشتا پێنەگەیشتووە .

کە لەدەوروپشتت وردەبیتەوە , بروسکەئاسا چەند خاتیرەیەك بەمێشکتدا گوزەر دەکەن ؛

ئەم شوێنەجۆگەئاسا بێ ئۆقرەیە , هەردەم لەنوێ بوونەوەدایە , جێنزەرگەی هەموانیشە . . . .

قۆرییەچاکە بەسەر دەکەیتەوە , زۆری نەماوە . . بە چەند پەمپێك پەرەمێزی ژێر سەماوەری ئاوەکە جۆش دەدەیت . . بە ئسفنجێك ڕووی تەپلەکەکان دەسڕیت .

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



ئێستا نا تۆزێکی تر, نقەنق وەستات بەمەنجەڵێك ماستی خۆماڵی گەورەوە دەگاتە جێ .

بۆ چرکە ساتێك پێشهاتێك دەیفڕێنێ بۆ شوێنێکی دی . . . . پاش دوکان داخستن ملی ڕێگا دەگرم, ماڵەوە خۆت بگرە هاتمەوە . . هەر لە دەرگاوە دەردەکەوم ئامە گیان بەرەوپیرم دێت, بەزەردەخەنەوە :

– بەم زووانە دەبم بەدایك .

تەنها ئەوەم بەسە , لەخۆشی و شادیدا باوەشی پیادەکەم و تەند دەینوسێنم بەخۆمەوە . . ماچێکی قووڵ بەگۆنای دەبەخشم, ئەوکات هەرچی ماندوویەتی ڕۆژ هەیە لەلەشم دەردەچێت

– ئاە , ژیان چەند خۆشەویستی . . . . )

– ئەو ماستەم لێبگرە .

وەستات هەناسەی سواربووە , بەرەوپیری دەچیت و مەنجەلە ماستە پێنج شەش کیلۆییەکەی لیوەردەگریت, ئەپرسێت :

–خۆ شتەکان ئامادەیە ؟

– هەموو شت بەدڵی تۆیە , تۆزێك دەبێ چاکەم پاڵاوتووە .

وەستا , دەچێت بەلای کردنەوەی مەنجەڵە ماستەکەوە , تویش دەست بەهەڵسووڕان دەکەیێ ؛ چایەك بۆ ئەو, چایەکی تر, چا و ماستێك بۆ ئەم, چاوئاوێك بۆ ئەوبەر, . . . . ئا ,ئاوەها خەریکی دەکەوێتە هەوای خۆتەوە , لەدەرەوەیش دنیا بەرگی ڕووناکی پۆشیوە .

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



- چایەکم بدەرێ, با یەم سەرتوێژەوە بیخۆم .

چایەك تێدە کەیت و لەسەر تەپلەکی بەردەمی دادەنێیت و دەتەوێت بۆ بەردەم وەجاغە بگەرێیتەوە ؛

- کوڕم ئەمەوێت یەك دوو قسە بکەین .

- . . . . . . . . . . . . !

کە لەتەنیشتیەوە دادەنیشیت, بە میهرەوە دەست لەیەر شانت دادەنێی :

- کوڕی خۆم خوا دەست بە بالاتەوە بگرێت, زۆر لێت ڕازیم, پێم ناخۆشە لەدەستم دەرچی . هەر تۆی فریای ئێرە دەکەویت, بەبێ تۆ چایخانەکە هەڵسوڕانی گرانە . . . . پیاوی چاکبە لەکەلی شەیتان وەرە خوار, چی دەبێت لەهەشت کاتژمێر کار بکەی .

- ( . . بڕوات, نازانم چیبکەم؟ مشتەرییەکانم نیوە دەتەکێنەوە, بیشی کەم بە دوو شاگرد, دەریناهێنێت ! . . . . )

- ( . . باش هەڵمدە, هەتا ملم دەشکێنیت . . )

وەستا گیان, دووبارەی دەکەمەوە, لە سبای سالحانەوە تا نیوەشەو مەعقوول نییە . خۆ بەرد نیم منیش وەك ئەو عالەمە پێوبستم بە پشوو هەیە . .

پارە هەموو شتێك نییە, خۆ دنیا هەر چایخانە و ماڵەوە نییە . ئەمە گەڕانێکە, سینەمایەکە, بینینی یەك دوو برادەر و ناسیاوێکە, چوون بۆ سەرچنارێکە . . . . یەك دوو ڕۆژی تر مۆڵەتت هەیە, باش بیری لێبکەرەوە, خۆت دەیزانی من هیچم نییە و زەرەر ناکەم ■

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# بەدیل

# Bedîl

بەدلەیەکی رەنگ شین, لەوانەی بەزۆری کرێکارانی دائیرە دەوڵەتییەکان بەکاریدەهێنن, لەبەر دا بوو. بەدلەکە تۆزاوی و پیس نەبوایە یان بەهۆی تیشکی خۆر و شتێ زۆر کاڵ نەبوایەتەوە, لەوانە بوو بووترێ ؛ ئەم کابرایەی وا لەبەرانبەرماندایە و خەریکی نان و ماست خواردنە, کرێکاری یەکێ لەدائیرەکانی ئەم نزیکانەیە.

جا کێ دەڵێ وایە؟ ئەی ئەوە نەبوو, چەند سات لەمەوبەر بەدەم فڕکردنی چاییەکەوە, بە کرێکارەکەی هاوڕێی, وت:

– کابرای ئەفەنی پێکێ پەیدا نەکات, هیچ بەکۆنکریت مسەلەحەکە ناکرێت.

– جا حەز ناکەیت, ئەبێ بەئیشی دوو ڕۆژ.

– قایلم, ڕاستە کرێکارە بەڵام, گومانم ماوە وهەیە.. لەوە ئەچێ کرێکاری دائیرە بێ.

بۆ ئەو گومانە لەجێی خۆیدا نەبێ؟

من دەڵێم کرێکاری دائیرەیە, بەبێ خواستی خۆی مۆڵەتی پانزە ڕۆژی ساڵانەی پێدراوە, خۆ ناشکوری نەبێ هەموو شت بووە بەزۆر و هەرەشو و..

یان کێ دەڵێ لەو کەسانە نییە بەناوی فییز و زیادەوە لەکار دەرکراوە؟

ئەی بۆ شتێکی تر نەبێ و نالێی ؛ ئەم کابرایە لەو کرێکارانەیە بە خزمەتی پانزە ساڵییەوە بەپارەیەکی فرە کەمی پەنجا دیناری خانەنشین کراوە, دەرکردنێکی بەئەدەبانەیە! وا ئێستا هاتووە ملی بەم جۆرە کرێکارییەداوە.

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



– بەمەی تۆ دەیلێیت, کابرا کۆنە کرێکاری دائیرە بووە و ئێستا لێکەوتووە؟
– بەڵێ, بەڵێ دۆزیتەوە و پێکات, ئەگیننا بەدەگمەن نەبێ کەی کرێکاری بیناسازی بەدلەی وا لەبەر دەکەن؟

وەك باوە و عادەتی کۆنە, زیاتر جلوبەرگی کوردی, ئیتر بەپێی وەرز دەگۆڕێ, بەهار و هاوینان بەزۆری شەرواڵ و کراس, پایز و زستانانیش بلوس و قەمسەلە و چاکەتە شرە لەبەردەکرێت.

– یاخوا شت نەکەوێتە سەردەمت, بەبن و بێخ دەرینەهێنێ وازناهێنیت!
دەبەسییەتی, بەسەرەیش بێ سەرەمە.

– فەرموو, فەرموو...

– درێژدادڕی ناوێ, بەچییەوە خەریکی؟ باسی چیم بۆ دەکەی؟ بەدلە شینە, بەدلە سوورە, یان هەرچ رەنگێکی ترە. ئەتەوێ بیسەلمێنی سەر بەفلانە وفیسارە دائیرە بووە, یان نەبووە! ئەو بیانووانە گرنگ و گرنگیش نین.

– ئەوە چییە, مەتەڵم لێدادەهێنی یان بە رەمز قسە دەکەی؟

– هیچیان نییە, بزانە چی دەڵێم؛ ئەوەی لێم ڕۆشنە وەك ڕۆژی ڕووناك, ئێستا ئەم کابرایە کرێکارە کرێکار, بەرەچەڵەکیشش کرێکارە, نەك خۆی, کوری کورە کەشی کرێکار دەردەچێت.

– ئەمداوەری و فتوایانە چیین, تۆ چووزانی, ناشێ بیناسیێ؟!

– ئەگەر بهێڵیت بۆتی ڕوون دەکەمەوە, هەرچەندە بەدەردەکەی تۆ دەچم, درێژەی پێ دەدەم.

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



– یەڵلا گوێی مەدەرێ, نان و پیازێکمان پێکەوە خواردووە . مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە . باش سەیری بکە , سەریری ڕووسەروسیمای بکە , چی دەبینی؟ ئەکرێت تەمەنی بەچەند ساڵ بقەبڵێنرێت؟

تۆ بڵێ سی ساڵ, من دەڵێم کەمتریش, ئەگەر بڕوا ناکەی, داوای پێناسەکەی لێدەکەین .

– نە بابە , پێویست ناکات .

– جا گەنجێکی وا گوناح نییە , مووی سەروڕیش و سمێڵی ماشوبرنج بوو بێت؟ سیمای پیریەتی هەر لەئێستاوە لێدەرکەوێت؟

لەوانەیە بڵێی مەرج نییە . ئێ باشە , بۆ دیقەت نادەیتە چاوە بەقوڵاچووەکانی؟ سپێنەی چاوی مەیلەو زەردە گۆشتی زیادە , وەك تانەیەك وایە تێکەڵ بەرەشایی چاوی بووە , زۆری نەماوە بگاتە بیلبیلەکانی !

کورە ئەمانەیش قەیناکات, ئەی دەموچاوی قوپا و سووتاو و هەڵقرچاوی بەرخۆر؟ ڕەشداگەراوییەکەی بۆ ناڵێی, دەڵێی (عەرەب) انە !

– با بەس بێت, درێژدادڕی ناوێت, وا بڕوات لقوپۆپی لێدەبێتەوە . شتی گرنگتر لەئارادا هەیە پەیمان پێنەبردووە , خۆ لەقەرە نەدراوە .

– کەواتە , ئەم قسانەی تا ئێستا پوچ و بێبایەخ و چەنەبازی بوون؟

– نا نەخێر , زۆر بەرزن, بەس, ئێمە پرسیاری ئەوەمان نەکردووە , ئەم کرێکارە چۆن لەم دنیایە گەیشتووە؟ چۆن بیر دەکاتەوە؟ دنیایەکی چۆنی گەرەکە؟

– خۆزگە بمتوانیایە بچوومایەتە دڵ و دەروونییەوە , هەست و نەستیم بزانیایە؟

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



– جا بۆ خۆت ماندوو دەکەی؟ قسەکانی ماوەیەك لەمەوبەری , کە لەگەڵ هاوڕێ کرێکارەکەیدا دەیکرد , هەرچەندە پچڕ پچڕ بوو , باش گوێم لێ نەبوو بیر دەهێنمەوە :

( . . . . . بۆ ئەوان هەبوو بن . . بەسەرمانا بڕانن . . هەرچی پەتپەتی دنیایە پێمانی بکەن . . . . ) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا , بەوپەری ڕق و بێزارییەوە , درێژەی بە قسان دا :

( . . . . ئاخ, ئەترسم بمرم و ئەو ئاواتەم نەیەتە دی ) هاوڕێکەی لێی پرسی :

– ئاواتی چی؟

– ئاواتمە , یەکە یەکەی ئەو دەوڵەمەندانە , وەك چۆن بیست ساڵە هەژاری دەچێژم, بیست ساڵ هەژار بکردایە . . . . )

ئەو دەم لەبەر عەیبە نەبووایە , دەچووم ناوچەوانیم ماچ دەکرد , پێم دەووت :

– هەی ئافەرین, بەڕاستی سەرناسی , دەزانیت کێ دوژمنتە .

– ئەی بۆ نا ؟ جوانە زۆر ۆر جوانە , هەقی خۆیەتی لەوە زیاتر و زیاتریش بڵێت, گەر کوێرەوەری و مەینەتی تا سەر ئێسك و پروسك ڕۆنەچوو بێت, قسەی وا دەکات ؟ بەڵام . . . .

– ئۆهووو ! بەڵامێکت دایەوە بەتەنگەیدا . . تۆ قەت ئاقل نابیت !

– بزانە ئەڵێم چی . . خراپم وت, شتێکم وت دژی ئەو بوو , دەمم سوێر بکە , هەزار شەقم تێهەڵدە , هاوڕێیەتیم مەکە . . بەکوردی و کورتی , دەپرسم :

– ئایا هەموو چوون یەك و یەکسان نەبین چاکتر نییە ؟؟ ■

ئایار **1991**

© www.dengekurd.com, 2002


# بێکار !

# Bêkar

لەبازاری ساردوسڕ و بێبرەوی کار – مەیدانی کرێکارانی بیناسازی – وەك ئەو سەدەها مرۆڤە بێکارانەی تر, ڕاوەستاو, ئامادە و چاوەڕوانی وەستایەك ئیتر هەر وەستایەك = وەستای بەرد و بلۆك, وەستای گەچکاری, وەستای لەبغ = بێت, ناسیاو بێت باشتر, یان هەر کەسێکی کڕیاری دیکە بێت, دەکرد, تا خۆ پیشان بدەم, ئێ بەڵکو ئەو کاڵا دانسقە هەرزانبەهاەبی هەیە, بیفرۆشم و بێکار نەمێنمەوە.

لەمەراق ئەوەدا بووم, ئەگەرهاتوو ئەم بەیانییە وەستایەك یان کەسێك پەیدا نەبوو بمبا بۆ ئیش, چی بکەم؟

ئەوکات بێکار و دەستبەتاڵ, ڕێوبێاسا دەبێت لۆژە لۆژ بەرەو ماڵ بمەوە ! ئەمەیش ئەستمە و نابێت.

ڕۆژانێکی رەش تێکەوتووین, لەبازار دەست دەدەیتە هەرچ شتێك وەك مار پێتەوە دەدا ! من دەڵێم دووقات, تۆ بڵێ سێ چوار قات نرخی پێویستییەکانی ژیان بەرز بوونەتەوە !

تەنیا کرێی ئێمە نەبێت ! ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت لەشوێنی خۆیدا چەقسوە, بابەخولەیەتی و لەسەر پشتی کیسەلە شەش و نیو حەوت دینارە ! !؟؟

. . . کێ دەڵێت سبەینێ باران نابارێت؟ خۆکە داشی کرد, وەستان لەمەزەبیدا نییە ! دوو سێ ڕۆژ دەخایەنێت و دەمانخزێنێتە کونجی ماڵ ! گووی

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



بارانیش بەسەرمان, سوودی هەبووایە نەدەباری . پاروپێرار خەڵکی
دەرەوە بۆ خەلەوخەرمان پێویستیان بەباران بوو, خێروخێراتیان
دەکرد, کەچی هێندە نەباری , خوا بڵێ بەهەق !
جا تازە باران بۆ کێ بباریێت؟ بۆ دیهات ما ؟ جووتیار ما ؟ کشتوکاڵ ما ؟ هەمووپاکو
دران, وەك حەسەن زیرەك دەڵێت :
بایەقووش تیایدا کردووە هێلانە ! !
کرێکارێك کە چەندەها ڕۆژ لەزۆر بینا بەیەکەوە کارمان کردووە , لێم نزیك بووە و زۆر
بەگەرمی چاکوچۆنی لەگەڵدا کردم, چاکوچۆنییەکی واکەسەرتاپا مەرایی و خۆبردنە
پێشەوەی دەگەیاند .
ئێستا وادەزانێت وەك ڕۆژانی لەمەوبەر بۆ بردنی کرێکار هاتوومەتە مەیدان . چۆنی
بۆچووم هەروا دەرچوو, کاتێ پرسی :
- وەستا ئازاد دەڵێی بەدوای کرێکاردا هاتووی؟
تەریقبوونەوە , شەرمەزاری خۆم بەزەردەخەیەك شاردەوە , ڕاستورەوان کردمە
دەستییەوە :
- کاك بارام دەمێکە بێئیشم, وەستایی نییە . ئەمڕۆ وەك تۆ بۆ کرێکاری هاتووم .
کاك بارامی ئاشنام ئەو هەڵەی بۆ پەیدا کردنی ڕۆژکارێك بەتەما بوو لەناوچەوانی منەوە
دەستی بکەوێتو بۆش دەرچوو . بۆیە لەژێر لێوەوە :
کەواتە , هیچێکی وت و وەرسوورا , زۆر لەسەرخۆ گەڕایەوە بەردەم دەرابەکە . . . .
ئێستا لەوانەیە لەدڵی خۆیدا گاڵتەم پێبکات, بڵێت :

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



– پیف لەم وەستایە , کۆلکە , ویستاوە نەك وەستا . . . .
کاك بارام گاڵتەی چیم پێدە کەیت؟ ! ئەی ئەوە نییە , یەخەت پێگرتووم تا بتبەم بۆ کار . .
پێم نالێیت ئەم یەخە گرتنە مانای چی؟ ئیش کزی نەبێت هیچی تر نییە . . . .
ڕووی زەمانە رەش بێت, ئەڵێی چی, عەیبە نییە, وەستایی نا کرێکاری، گرنگنە
وەستانە ، خۆت باشدەزانی ڕۆژ بەڕۆژ کار نەکەین نییە بخۆین . . . .
ئاخر کاکی خۆم بۆ تانەوتەشەرم لێدەدەی؟ قابیلە حەز بەم وەزعە بکەم؟ وا بڕوات
خراپترمان بەسەر دێت, هێشتا لەکوێمانە بەڵام, . .
بەدەنگی بەرز هاوارم لێکرد :
– کاك بارام, ئەگەر ئیش هەبوو ئاگات لێمان بێت, ئاگامان لێت دەبێت .
بێئەوەی سەیرم بکات لەسەرخۆ , وەلامیدایەوە :
– خوا دەکا دەبێ, ئاسانە . . . . ■

**198?**

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



# شوورا . .

# ûra ..

کابرایەکی بێکار و بەرگشڕۆڵە , وەختێك بەلای چێشتخانەیەکدا تێپەری, بیرۆکەیەکی بۆ هات ؛

ڕووی لەمناڵی خاوەن چێشتخانە نا , کە لەو کاتەدا بەرێکەوت لەسەر دەغیلەکە بوو, وتی :

– زۆرم برسییە تۆزێك چێشتم پێنادەی؟

– ناوێرم باوکم لێم ئەدات !

– ئەی دەهێڵیێ ئەم نانە بدەمە بەر هەڵاوی مەنجەڵە چێشتەکە ؟

مناڵ لەنێوان ئاگر و ئاودا یتاما بوو . . . بەنابەدڵی سەری ڕازی بوونی بۆ شل کرد . .

کابرا نانی دابوو, نەدابووە بەر هەڵمی چێشتەکە, هەروەك موو هەڵپروزکێنرێت, باوکی مناڵ سەروساختێ بەدەرکەوت, بەو دیمەنە دەهری بوو, چاوی پەریبە پشتی سەر . . گورگئاسا پەلاماری دا و مەچەکی کابرای گرت :

– گرتمی, هەی دز, سوالکەر خواردینی . .

ئیتر پیاهاتە خوار هەرچی قسەی نەشیاو جنێوی پیس لەفەرهەنگی مێشکیدا هەبوو, بەسەریدا هەڵڕشت, کارێکی وای کرد نەبێتەوە !

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



کابرای بێکار و برسی وا ساکا, پەشۆکا بوو, دەمی چووبووە کلیلە . . منداڵ ویستی ڕاستی مەسەلە لەباوکی بگەیەنێت و بڵێت ئەوفەرتەنە و هەڵڵابەی بۆ چییە و ئاوێك بەئاگردا بکات, بەتۆپەڵێ جنێوی مزر نەیهێشت و دەمکوتی کرد !

بۆ نەگبەتی و بەختی ڕەشی کابرا, ئەوساتوکاتە گوزەر چۆڵ وهۆڵ, کەسێك نەبوو بکەوێتە نێوان و قسەیەکی خێریان ناوبژیان بکات !

خاوەن چێشتخانە, کابرای پەلکێش بەرەو پۆلیس و مەغفەر و حاکم.

– بەڵام, مەغفەر و پۆلیس و حاکمی چی؟ کابرا ئەوە تێکچووی, هۆش بێنەوە بەرخۆت, کەی ئەو شتانە ماون؟ !

– بۆ . . بۆ؟ بۆ چییان بەسەرهات؟ مەگەر ئاسمان هەڵیکێشان یان دەریا لووشی دان, هــاااااا؟ ! !

– ئێی, دۆشان بەگونت لەشوێنی بێ ئاودا . ئەوانە ئاوی ئاموون و توونی بابا چوون . . بۆ هەیە نەزانێت چی گوزەرا؟ ئەی ڕاپەرین, ڕاپەرینی جەماوەی خەڵك کە هەمووی چەند ڕۆژێك دەبێت ڕوویداوە, هەموویانی پاکو نەدا؟

ئێستا لەجیاتی گشت ئەو دامودەزگا بەدناوانە شورا, شورا لەهەموو گەرەکێکدا دروست بووە وهەیە . . ئەوە ئەوە حوکم دەکات و لێپرسراوی یەکەمی شارە .

– یەعنی, دادم بەرمە لای شورا؟؟ !

*  *

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



لەوێ, لەشورا ، هەڵسووڕاوان ورد گوێیان لە شیکاوەیتی خاوەن چێشتخانە گرت . .
لەماوەی کارکردنیاندا چەندەها کێشە و گرفت چارە کردبوو, بەڵام
تووشی شیکایەتێکی تراتیجد د کۆمیدی وا نەبوونەوە .
بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەکی گونجاو, هەڵسووڕاوان کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان
چیکرد . . . .

– بڵێی تای تەرازوو بەلای کام لادا بشکێتەوە ؟

– بێگومان بەلای کابرای خاوەن چێشتخانەدا .

– ئەگەر وابێت, ڕەحمەت لە کفن دز !

*  *

هەڵسووڕاوێك ڕووی دەمی لە کابرای خاوەن هەق کرد, وتی :

– ناکرێت لەجیاتی ئەو هەقەکەی بدەین؟

بەنابەدڵییەوە, وتی :

– نەخێر ، خۆ ئێوە دز نین ! هەقم لەلای ئەوە .

هەڵسووڕاوێکی دی, لە کابرای بێکاری پرسی :

– تۆ, هەرهیچ پارەیەکت پێ نییە ؟

– یەك دینای ئاسن !

لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا تاك دینارەکەی دەرهێنا و دای بە هەڵسووڕاوە شوراییەکە .
ئەویش لێی وەرگرت, لەجیاتی ئەوەی بیدابە دەستی , هەڵیدایە سەر
زەوییە کاسییەکە, وتی :

DengêKurd
promoting kurdish language
© www.dengekurd.com, 2002



– لێی خۆش ببە , وەك دەبینی هەر ئەوەی پێیە .

مەتعەمێیەکە , لەدڵی خۆیدا وتی :

– ( لە هیچ باشترە . . ) و نوشتایەوە دینارەکە هەڵگرێتەوە , هەڵسوڕاوە شوراییەکە بەپەلە دینارەکەی هەڵگرتەوە و نەیهێشت بیبا , وتی :

– پاك لەپاك, ئەوە هەقەکەی بوو .

– یەعنی چی؟ بۆ گاڵتە چی ئێوەم؟ !

– نەخێر, ئەی تۆ لەبری هەڵاوی چێشت ، داوای پارە دەکەیت ، ئەویش لەبری پارە زرەکەیت پێئەدا . . دەبڕۆ بەخێر چی . .

خاوەن چێشتخانە دەهری بوو ، هەر ئەوە نەبوو لەداخا نەتەقێت ، بە بۆڵەبۆڵ و خوتەخوتەوە ملی دەرگای دەرەوەی گرت :

– ملم بشکایە و نەهاتمایە ، خوا هەزار عەدالەتی وا ببڕێت .

کانوونی دووەم **1992**